سەرۆک کۆمار پێشوازی لە سەرۆکی یەکێتی دەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە ،عەبدولەتیف ڕەشید سەرۆک کۆمار لە کۆشکی سەلام لە بەغدا پێشوازی لە بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە ڕاگەیەندراوەکدا بەاویکردەوە:-لە کەبوونەوەکەدا تاوتوێی دوایین پێشهات و ئەگەرە سیاسی و ئەمنی و ئابوورییەکان لەسەر ئاستی وڵات کراو هەردوولا پەرەشی چارەسەرکردنی ریشەیی کێشەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسی و بڕۆبردن لە هەرەمی کوردستان و عێراق بوون.

ئاماژە بە بەردەوامی لێکتێگەیشتن و هەماهەنگی نێوان لایەنەسیاسییەکان کرا کە بە فاکتەری سەقامگیری و ئارامی جێبەجێکردنی بەرنامەی خزمەتگوزاری لەقۆناغەکانی مدرا.

لای خۆیەوە سەرۆکی یەکێتی لەبەرامبەر ڕەو و هەوڵە بەردەوامەکانی بەرەز سەرەکەکۆمار لە نزیککردنەوەی لایەنەکان و چارەسەرکردنی کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرەمی کوردستان و ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا سوپاس و پێزانینی بۆپایانی ئاڵاستەی د.لەتیف جەمال ڕەشید کرد کە هاوکاری چارەسەرکردنی کێشەکان بووە و لەروانگەی نیشتمانیی و بەرپرسیارەتییەوە دەستاتەکانی بەکارهێنا لە چوارچێوەی دەستوور و یاسا بەرکارەکان و جێختیشیکردەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک هێزێکی دەربەست هەر

هەنگاوێک دەگرێتەبەر کە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی و خەڵک بێت لەپێناو پاراستنی مافە نەتەوەییەکان و بەهێزترکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان.

هەر لە کەبوونەوەکەدا گرنگی پاڵپشتیکردنی کارەکانی حکومەت لە جێبەجێکردنی بەرنامەی خزمەتگوزاریی و باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک و هاوبەشتی راستەقینە لەنێوان هەموو نەتەوە و پێکهاتەکان جێختیان لەسەر کرایەوە و سووربوونی بەردەوامی دیالۆگ لەنێوان گشت لایەنەکان بە باشترین بژاردەی سیاسی دانرا بە نەهێشتنی بەربەستەکانی بەردەم گەشەکردنی وڵات.